Kirklees COUNCIL

Coronavirus COVID-19

# ڕێنمایی جیاکردنەوەی منداڵ لە قوتابخانە بۆ دایك و باوك و بەخێوکەر

پێویستە هەموو سیناریۆکان ڕەچاوبکرێن و پیادەبکرێن نەك تەنها لەلایەن دایك و باوك و بەخێوەکەرەوە بەڵکو لەلایەن هەر کەسێکی ترەوە کە چاودێری منداڵەکەت دەکات وەك داپیرە و باپیرە و هەر خزمێك یان هاوڕێیەك.

سیناریۆی پەیوەنیدار هەڵبژێرە بۆ ئەوەی بزانیت "چی بکەیت ئەگەر"...

- **سیناریۆی ١:**
  منداڵەکەت لە ماڵەوە نیشانەی کۆڕۆنای تێدا دەرکەوت
- **سیناریۆی ٢:**
  کەسێکە لە خانەوادەکەت نیشانەی کۆڕۆنای تێدا دەرکەوت
- **سیناریۆی ٣:**
  منداڵەکەت لە قوتابخانە نیشانەی کۆڕۆنای تێدا دەرکەوت*
- **سیناریۆی ٤:**
  هاوڕێیەکی منداڵەکەت لە قوتابخانە نێردرایە ماڵەوە یان جیاکرایەوە بەهۆی دەرکەوتنی نیشانەی کۆڕۆنا تیایدا
- **سیناریۆی ٥:**
  منداڵەکەت لە نزیکەوە بەرکەوتنی هەبێت لەگەڵ کەسێك کە نیشانەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای هەیە

-

---

**نیشانەکانی کۆڤید ئەمانە دەگرێتەوە:**



**پلەی گەرمی بەرز**
واتا هەست بە گەرمی دەکەیت کاتێك دەست لە سنگت یان پشتت دەدەیت
(پێویست ناکات گەرمیت بپێویت، بەڵام ئەگەر بیپێویت دەگاتە 37.8 پلەی سیلیزی یان زیاتر.)



**کۆکەی بەردەوام و تازە**
واتا کۆکەی زۆر بۆ ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێك یاخود سێ حاڵەت یان زیاتری کۆکە لە ٢٤ کاتژمێردا.

(ئەگەر خۆت هەمیشە کۆکەت هەیە، هەست دەکەیت لە جاران خراپتر بووە)



**لە دەستدانی یاخود گۆڕانی هەستی بۆنکردن یان تامکردن**
واتا تێبینیت کردووە بۆن و تامی هیچ شتێك ناکەیت، یان هەستی بۆن و تامت جیاوازە لە حاڵەتی ئاسایی.

## ✗ نیشانەی کۆڤید-١٩

بوونی ئاوی لوت ، لوت گیران، ئازاری قورگ، سەرئێشە
ئەم نیشانانە زیاتر پەیوەندیان بە سەرمابوونەوە هەیە. بەڵام ئەگەر تووشی هەر یەکێك لەم نیشانانە بوویت لەگەڵ نیشانەکانی کۆڕۆنادا کە لەسەرەوە دیاریکراون، ئەوا پێویستە پشکنین بکەیت.

## £ هاوکاری کرێی پشکین و دۆزینەوە

ئەگەر لەلایەن خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانیەوە داوات لێکراوە پشکنین بکەیت بۆ دۆزینەوەی توشبووان بە کۆڕۆنا و خۆت جیابکەیتەوە، بەڵام ناتوانیت لە ماڵەوە کار بکەیت و هەندێك بەنەفێتی دیاریکراوت هەبێت، ئەوا لە وانەیە شیاو بیت بۆ هاوکاری.
زانیاری زیاتر لێرە وەرگرە:
**www.kirklees.gov.uk/covid19supportpayment**

---

* تکایە ئاگاداربە کە مامۆستاکان ناتوانن منداڵان ببەن بۆ شوێنی پشکنینی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بەبێ ڕەزامەندی یەکێك لە دایك و باوك یان بەخێوکەر.
هەروەها بە هیچ جۆرێك منداڵ بە تەنیا ناهێڵدرێتەوە بەبێ سەردانیکردنی دایك و باوکی ئەگەر پشکنینەکەی پۆزەتیف دەرچوو.

ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

Kurdish

October 2020

# چی بکەیت ئەگەر منداڵەکەت نیشانەی کۆرۆنای تێدا دەرکەوت

## منداڵەکەت مەنێرە بۆ قوتابخانە

## خانەوادەکەت جیابکەوە

ئەمە کەسانی وەک دایک و باوک یان بەخێوکەر دەگرێتەوە لەگەڵ خوشك و براکانی منداڵەکە و هەر کەسێکی تر کە لە ماڵەوە لەگەڵتان دەژیت

پەیوەندی بکە بە ١١٩ یان سەردانی ئەم لینکە بکە:

www.nhs.uk/coronavirus بۆ ڕێکخستنی پشکنین بۆ منداڵەکەت

### ئەنجامی پشکنینی نێگەتیڤ

ڕاستەوخۆ خێزانەکە کۆتایی بە خۆجیاکردنەوە دێنێت و منداڵەکەت دەتوانێت بگەڕێتەوە قوتابخانە

### ئەنجامی پشکنینی پۆزەتیڤ

پێویستە منداڵەکەت و خانەوادەکەت بەردەوام بن لە خۆجیاکردنەوە

منداڵی توشبوو = ١٠ ڕۆژ

هەموو ئەوانی دیکە = ١٤ ڕۆژ

لە سەرەتای سەرهەڵدانی نیشانەکانەوە

#### پلەی گەرمی بەرز نیە

منداڵەکەت دەتوانێت کۆتایی بە خۆجیاکردنەوە بهێنێت و بگەڕێتەوە قوتابخانە.

تکایە ئاگاداربە کە خۆت یان هیچ کەسێکی دیکەی خێزانەکەت ناتوانن منداڵەکە ببەن بۆ قوتابخانە تا ١٤ ڕۆژی خۆجیاکردنەوەتان بە تەواوی تەواو دەکەن.

#### پلەی گەرمی بەرزە دوای ماوەی خۆجیاکردنەوە

ئەگەر منداڵەکەت هێشتا پلەی گەرمی بەرزە دوای ١٠ ڕۆژ لە خۆجیاکردنەوە، مەینێرەوە بۆ قوتابخانە، پەیوەندی بکە بە ١١١ یان سەردانی www.nhs.uk/coronavirus بکە بۆ ئامۆژگاری زیاتر.

# چی بکەیت ئەگەر کەسێك لە خانەوادەکەت نیشانەی کۆرۆنای تێدا دەرکەوت

**منداڵەکەت مەنێرە قوتابخانە**

**تەواوی خانەوادەکەت خۆیان جیابکەوە**

پەیوەندی بکە بە ١١٩ یان سەردانی ئەم لینکە بکە:
www.nhs.uk/coronavirus بۆ ڕێکخستنی پشکنین بۆ کەسی توشبوو

**ئەنجامی پشکنینی پۆزەتیڤ**

پێویستە منداڵەکەت و خانەوادەکەت بەردەوام بن لە خۆجیاکردنەوە

منداڵی توشبوو = ١٠ ڕۆژ

هەموو ئەوانی دیکە = ١٤ ڕۆژ

لە سەرەتای سەرهەڵدانی نیشانەکانەوە

**ئەنجامی پشکنینی نێگەتیڤ**

ڕاستەوخۆ خێزانەکە کۆتایی بە خۆجیاکردنەوە دێنێت و منداڵەکەت دەتوانێت بگەڕێتەوە قوتابخانە

**بوونی نیشانە لە ماوەی خۆجیاکردنەوەدا**

ئەگەر منداڵەکەت نیشانەی تێدا دەرکەوت لە ماوەی ١٤ ڕۆژی خۆجیاکردنەوە، تکایە بگەڕێوە بۆ سیناریۆی ١

**نەبوونی نیشانە دوای ماوەی خۆجیاکردنەوە**

ئەگەر منداڵەکەت هیچ نیشانەیەکی نەبێت لە ماوەی ١٤ ڕۆژی خۆجیاکردنەوە، دەتوانێت لە ١٥ هەمین ڕۆژدا بگەڕێتەوە قوتابخانە.

# چی بکەیت ئەگەر منداڵەکەت لە قوتابخانە نیشانەی کۆرۆنای تێدا دەرکەوت

## ڕاستەوخۆ لە قوتابخانە بیبەوە

منداڵەکەت لە تەواوی هاوڕێکانی قوتابخانەی جیادەکرێتەوە، تۆ ئاگادار دەکرێیتەوە و داوات لێ دەکرێت بە زووترین کات منداڵەکەت بیبەیتەوە *

## خانەوادەکەت جیابکەوە

ئەمە کەسانی وەك دایك و باوك یان بەخێوکەر دەگرێتەوە لەگەڵ خوشك و براکانی منداڵەکە و هەر کەسێکی تر کە لە ماڵەوە لەگەڵتان دەژیت

پەیوەندی بکە بە ١١٩ یان سەردانی ئەم لینکە بکە:
www.nhs.uk/coronavirus بۆ ڕێکخستنی پشکنین بۆ منداڵەکەت

### ئەنجامی پشکنینی پۆزەتیف

پێویستە منداڵەکەت و خانەوادەکەت بەردەوام بن لە خۆجیاکردنەوە

منداڵی توشبوو = ١٠ ڕۆژ

هەموو ئەوانی دیکە = ١٤ ڕۆژ

لە سەرەتای سەرهەڵدانی نیشانەکانەوە

### ئەنجامی پشکنینی نێگەتیف

ڕاستەوخۆ خێزانەکە کۆتایی بە خۆجیاکردنەوە دێنێت و منداڵەکەت دەتوانێت بگەڕێتەوە قوتابخانە

#### پلەی گەرمی بەرزە دوای ماوەی خۆجیاکردنەوە

ئەگەر منداڵەکەت هێشتا پلەی گەرمی بەرزە دوای ١٠ ڕۆژ لە خۆجیاکردنەوە، مەینێرەوە بۆ قوتابخانە، پەیوەندی بکە بە ١١١ یان سەردانی www.nhs.uk/coronavirus بکە بۆ ئامۆژگاری زیاتر.

#### پلەی گەرمی بەرز نیە

منداڵەکەت دەتوانێت کۆتایی بە خۆجیاکردنەوە بهێنێت و بگەڕێتەوە قوتابخانە.
تکایە ئاگاداربە کە خۆت یان هیچ کەسێکی دیکەی خێزانەکەت ناتوانن منداڵەکە بیەن بۆ قوتابخانە تا ١٤ ڕۆژی خۆجیاکردنەوەتان بە تەواوی تەواو دەکەن.

* تکایە ئاگاداربە کە مامۆستاکان ناتوانن منداڵان ببەن بۆ شوێنی پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەبێ ڕەزامەندی یەکێك لە دایك و باوك یان بەخێوکەر. هەروەها بە هیچ جۆرێك منداڵ بە تەنیا ناهێڵدرێتەوە بەبێ سەردانیکردنی دایك و باوك ئەگەر پشکنینەکەی پۆزەتیف دەرچوو.

سیناریۆی ٤

# چی بکەم ئەگەر هاوڕێیەکی منداڵەکەم لە قوتابخانە نێردرایە ماڵەوە یان جیاکرایەوە بەهۆی دەرکەوتنی نیشانەی کۆڕۆنا تیایدا؟

**وەك دۆخی ئاسایی بەردەوام بە**

مەگەر قوتابخانە بەجۆرێکی دیکە ئامۆژگاریتان بکات.
هەر منداڵێك نیشانەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای هەبێت پێویستە بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ خۆی جیابکاتەوە و هەر ئەندامێکی دیکەی خێزان بۆ ماوەی ١٤ ڕۆژ خۆی جیابکاتەوە کاتێك نیشانەی تێدا دەردەکەوێت.
ئامۆژگاریمان ئەوەیە پشکنین بکەن.

**ئەنجامی پشکنینی نێگەتیڤ**

ڕاستەوخۆ خێزانەکە کۆتایی بە خۆجیاکردنەوە دێنێت و منداڵەکەت دەتوانێت بگەڕێتەوە قوتابخانە

**ئەنجامی پشکنینی پۆزەتیڤ**

ئەگەر ئەنجامی پشکنینی منداڵەکە پۆزەتیڤ بوو، هەر منداڵێك کە ڕاستەوخۆ و بەردەوام بەرکەوتنی هەبووبێت لەگەڵیدا، لەلایەن قوتابخانەوە نامەی تایبەتیان بۆ دەنێردرێت و ئامۆژگاری دەکرێن بۆ ماوەی ١٤ ڕۆژ خۆیان جیابکەنەوە.

ئەندامانی دیکەی خێزانەکەت <u>پێویست ناکات</u> خۆیان جیابکەنەوە مەگەر نیشانەیان تیادا دەرکەوێت.

**ئەگەر منداڵەکەت نیشانەی تێدا دەرکەوت پشکنینی بۆ ڕێکبخە:**

**نێگەتیڤ**

بەردەوامبە تا ١٤ ڕۆژی خۆجیاکردنەوە تەواو دەکات

**پۆزەتیڤ**

بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ خۆی جیابکاتەوە ئەندامانی دیکەی خێزان بۆ ماوەی ١٤ ڕۆژ.

سیناریۆی ٥

# چی دەکەیت ئەگەر منداڵەکەت لە نزیکەوە بەرکەوتنی هەبێت لەگەڵ کەسێك کە نیشانەی ڤایرۆسی کۆرۆنای هەیە

**ئایا ئەو کەسەی نیشانەی ڤایرۆسی کۆرۆنای هەیە لەگەڵتان دەژیت یان دەچێت بۆ هەمان قوتابخانەی منداڵەکەت؟**

**بەڵێ**

**قوتابخانە**
سەیری سیناریۆی ٤ بکە

**لەگەڵ ئێوە دەژی**
سەیری سیناریۆی ٢ بکە

**نەخێر**

**پێویست ناکات منداڵەکەت خۆی جیابکاتەوە.**
بەڵام ئەگەر لەلایەن خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانیەوە پەیوەندیت پێوەکرا بە مەبەستی شوێن هەڵگرتنی توشبووی کۆرۆنا بۆ منداڵەکەت یان بۆ خۆت، پێویستە ڕەچاوی ئامۆژگاریەکانیان بکەیت و خۆت جیا بکەیتەوە.
ئەگەر منداڵەکەت نیشانەی تێدا دەرکەوت دوای ئەوەی لە نزیکەوە بەرکەوتنی هەبوو لەگەڵ کەسێك، پێویستە ڕاستەوخۆ ئەندامانی خێزانەکەت خۆیان جیابکەنەوە. سەیری سیناریۆی ١ بکە.